# بۆچی نا؟

نوسینی : سیلڤیا هۆفسیپیان
فریسۆ هێنسترا
وەرگێڕانی لە هۆڵەندی بۆ کوردی : ڕزگار عبدالکریم

2004-11-07





پیاوێکی تەنیا و ڕوخۆش ،خێزانەکەی ماوەیەکی زۆر لەوە پێش کۆچی دوایی کردبوو،دوو منالّی لە دوای خۆی جێهێشتبوو کە گەورەبوون و ئێستا باوکیان تەنیا کردووە و سەرقالّی کاروباری ژیانی ڕۆژانەی خۆیانن ،تەنیایی زۆر جار خەیالّ و دالّغەی بۆ زۆر شت دەبات ،دواین شت کە بەخەیالّیدا هات مەسەلەی ڕاگرتنی پشیلە بوو {بۆچی نا؟} ئیدی دەتوانێت ببێتە هاوڕێی و پێکەوە لە مالّەکەدا کەمێک کات بکوژن، بە خۆی ووت{ ئێ خۆ زەرەر ناکەم و پێدەچێت ببێتە هۆی بەسەربردنی کاتێکی خۆشیش بۆم}.



سەیرێکی بەشی خوارەوەی دێهاتەکەی خۆیانی دەکرد ،خەیاڵی چووبووە سەر پەیداکردنی پشیلە ئاخر دەستکەوتنی پشیلە لەو شوێنەیان کارێکی ئەوەندە ئاسان نەبوو ،لەبەر خۆیەوە ووتی : -
{ئەگەر ژنە دەم بە پێکەنینەکە هات ،ئەو ژنەی هەمیشە نانی گەرممان بە ئەسپ و عەرەبانەکەی بۆ دێنێت ،لێی دەپرسم و بزانم ئەو پشیلەیەکم بۆ پەیدا ناکات ،ئاخر ئەو خۆشی زۆر هۆگری گیاندارانە و پشیلەشی خۆشدەوێت } ..دوای کەمێک بێدەنگی دەستی کردەوە بە قسە کردن و بەردەوام بوو {بەڵام بە ڕاستی ژنێکی سەیرە،نان بەرێت بۆ هەر کەسێک ماوەیەک لای دەوەستێتو دونیایەک قسە دەکەن وەک ئەوەی بیەوێت لە هەلومەرجی هەموو کەسەکانی دێیەکە ئاگادار بێت}.
ئیدی پیاوە تەنیاکە کەوتە چاوەڕوانی کردنی ژنە بە خۆی و ئەسپ و عەرەبانەیەوە و نانی گەرم بێنێت و بکەونە دواندن لەسەر خەیاڵەکانی ،ئەو ژنەی ئارەزوویەکی سەیر و جوانی هەبوو لە ڕازاندنەوەی ئەسپ و عەرەبانەکەی تەنانەت لای پەنجەرەی عەرەبانەکەیەوە هەمیشە بە گوڵ ڕازابۆوە، کاتێک ژنە گەشت پیاوە سەرەتا بێ دەنگ بوو ،نانەکەی دایە دەستی و کەمێک وەستان ،پیاوەکە بە فرسەتی زانی کە دەعوەتی چا خواردنەوەی بکات و ژنەکەش بە خۆشحاڵیەوە قبوڵی کرد.



دوای دانیشتن پیاوە ڕاستەوخۆ بەشێک لە نانە گەرمەکە و چایەک و هەندێک شتی تری لە ژنە نزیک خستەوە  و خۆشی پارچەیەک نانی بچوکتری لێکردەوە و داوای لێ کرد کە لەگەڵ چاکەدا نانەگەرمەکەش بخوات ..فرسەتێکی باش بوو بۆ ژنە بکەوێتە باسکردنی هەموو ئەو کەسانەی



لەسەر ڕێدا بینی بوونی..{کلایس دوای ئەوەی ئەچێتە ناو بەرازەکانی‌یەوە قاچی عەزێتی دەگات و ئێستا لە ماڵەوە کەوتووە } پیاوەکەش هەر سەری بۆ دەلەقاند ،بەردەوام بوو {سمیت بە بوونی ئەو دوانەیەیان زۆهر زۆر دڵخۆشە و هەست دەکات دوو ڕێگای بۆ بووە بە یەک و ئاسوودە} پیاوەش هەر دەیووت {ئم ئم } نزیکەی نیو کاتژمێر ژنە هەر لە باسکردنی ئەم و ئەو دا بوو ،جار جاریش سەیری پیاوەی دەکرد ،دواین جار وەک ئەوەی هەست بکات ئەو دەیەوێت شتێک بڵێت یان بڵێی فرسەتێک بدات بەو قسە بکات بێدەنگ بوو ، پیاوەش کەوتە باسکردنی ئەوەی کە زۆر لای خۆیەوە لێکی دابۆوە ،سەرەتای باسەکە بۆ ئەو لە باسکردنی گوزەرانی خۆی کرد بە باسی سەرەتایی ،ئینجا دواجار ووتی { ئێستا هەست دەکەم پشیلەیەک بۆ من زۆر جێی بایەخە }هێشتا قسەکان بە تەواوی تەواو نەببوو ژنە دڵی خۆش کرد {هیچ کێشە نیە  ،من دەتدەمێ }..ئینجا بەردەوام بوو { من دوانم هەیە و شوێنیشم بچوکە ..لەناو عەرەبانەکەدا سەغڵەتیان کردووم زۆر جار تینم بۆ دێنن ،تۆ یەکێکیان بەرە ،ئەگەرچی یەکێکیان تۆزێک زیاتر دەجوڵێت بەڵام هەست دەکەم زۆر جوانە و ئومێد دەکەم لای تۆ باشتر بێت.



پیاوه بەم قسەیەی ژنە زۆر دڵخۆش بوو ووتی { بۆچی نا؟ سوپاسیشت دەکەم ،ڕەنگە لای من وانەبێت بە تایبەت کە شوێنی من گەورەترە و خۆشم ئارەزوویەکی زۆرم لە یاری کردن لەگەڵیدا هەیە،بەڵام ئایا دەتوانم بیبینم؟}

پشیلەکە دروست ئەوە بوو کە پیاوەکە لای خۆیەوە خستبویە خەیاڵیەوە ..پشیلەیەکی بچوکی کەمێل لاواز ،ڕەنگێکی زەردی قاوەیی باو ،چاوێکی شین وەک ڕوناکی ئەو تیشکەی دەیدات لە ئاوێکی سازگار ..کاتێک پیاوەکە داوای کرد بە دەستیەوە بگرێت پشیلەکە خۆی هەڵدایە سەر شانی و ملی پیاوە و خەریک بوو کڵاوەکەی سەری بخاتە خوارەوە.



دوای سوپاس کردنێکی  زۆری ژنەکە ئیدی پیاوەکە کەوتە دروستکردنی شوێنی تایبەت بۆ پشیلەکە ،شوێنێکی نەرم و گەرم ،لەسەر پشتی‌یەکی نەرمی سوور داینا و لەگەڵیدا کەوتە دواندن {ئێ پشە گیان چۆن بتخەوێنم ؟} شەوێک پێشتر چیرۆکێکی فرانسی خوێنبۆوە کە پشیلەیەکی بچوکی تێدا بوو  لە دەقەکەدا ناوی بە (ماپیتیتا) هێنابوو کە مانای بچکۆلانەکەمی دەگەیاند ،بۆیە بڕیاری دا بە ماپیتیتا بانگی بکات.



پیاوە گڵۆپی ژورەکەی کوژاندەوە و  لەمپە کزەکانی هەڵکرد ،ڕوناکی ژوورەکە گۆڕا،وە خۆشی چوو بە لای سازکردنی خواردنی ئێوارەوە بۆ ئەوەی کەمێک دواتر بیخوات ،ڕوویکردەوە ماپیتیتا و ووتی{ها ماپیتیتا پێت نەوتم ماڵە تازەکەت لا چۆنە؟} ..پشیلەکەش بە میاو میاو وەڵامی دایەوە،هێندەی نەبرد ماپیتیتا لەسەر پشتیەکەوە خۆی هەڵدایە سەر زەویەکە و لوتی لە کەلوپەلەکانی ناو ژوورەکە نزیک دەکردەوە و هەر میاو میاوی بوو وەک ئەوەی هەموو ئەو شتانە بۆ ئەو تازەبن،زۆری نەبرد هەر پارچەیەک و کەوتە شوێنێک بە جۆرێک سیمای ژوورەکە گۆڕا.




{ئاخ ..بۆچی ماپیتیتا گیان} كە پیاوە ئەو دیمەنەی بینی لەوە زیاتر هیچی تری بۆ نەوترا،دوای کەمێک ڕووی کردەوە ماپیتیتا و ووتی{ هەوڵ بدە هێمن و ڕێکوپێک بیت ،گەر وابڕوات زۆر شت زەرەر دەکەیت ها} ..ئینجا چوو بەلای نان خواردنەکەی خۆیەوە و دوای تەواو بوون چاکەی هێنایە سەر مێزە بچوکەکە و لێی دانیشت تا بزانێت لەگەڵ پامیتیتا دا چۆن دەگوزەرێت {میاو میاو } دەنگی کزی ماپیتیتا سەرنجی ڕاکێشا..هێندەی نەبرد ماپیتیتا خۆی هەڵدایە سەر مێزەکە و پەلاماری شوشەیەکی سەر مێزەکەی دا ..

{ئەها تێگەشتم ..دیارە تۆش برسیتە و دەتەوێت شتێک بخۆیت ..بۆچی نا؟} هەستا و کەمێک لەو نانەی بۆ خۆی دروست کردبوو خستیە ناو قاپێک لەگەڵ چەند پارچەیەک دانی وورد کراودا و لەسەر زەویەکە بۆی دانا



پشە سەرقاڵ بوو بە خواردنەوە و چی لە قاپەکەدا بوو تەواوی کرد ،دواتر پیاوەکە وەک پیشەی هەموو ئێوارانێکی کاتی خوێندنەوەی هات و کتێبەکەی هەڵگرت و کەوتە خوێندنەوە.. ماپیتیتاش هاتە چووە نێو باوەشیەوە و دوای کەمێک دەست هێنان بەسەریدا ماپیتیتا کەوتەخەوێکی قوڵەوە .



**کاتێ کات درەنگی کرد و کاتی خەوتن هات ماپیتیتای هەڵگرت و خستیە ئەو شوێنەی کە بۆی ئامادەکردبوو ،بەلام زۆری نەبرد و لە جوڵەیەکی دا بۆسەر لایەکی تر بینی ماپیتیتا لە ژووری نوستنەکەی ئەوە ،ماپیتیتا خۆی هەڵدایە لای بەشی خوارەوەی سیسەمەکەی پیاوەکە و خەوی لێکەوتەوە ،پیاوەکە کەمێک لێی ڕوانی و لەبەر خۆیەوە ووتی {بۆچی نا؟ هیچ کێشەیەک نیە ،باش بوو من خەیاڵم بۆ شتی تر چوو ،باشتر بۆ من خۆشتریشە}.**




**ڕۆژان دەڕۆشت و ماپیتیتاش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەجولا ،ئەمە بۆ پیاوە تەنیاکە کەمێک**

سەخت بوو دەبوو زۆر بە باشی لەوە تێگەشتایە کە ماپیتیتا چی دەوێت ،کەی کاتی خواردنیەتی و کەی کاتی خەویەتی ،کەی کاتی یاریکردنیەتی ،کە ئەمانە بەسەر یەکەوە بۆ ئەو لە کورترین ماوەدا ئاسان نەبوو زوو ڕابێت ..

ڕۆژێک کاتێک ویستی بچێت بۆ بازاڕ بۆ کڕینی کەلوپەلی پێویستی ناو ماڵ و کەمێک چوونە دەرەوە بڕیاری دا بەیانی زوو لە ماڵ بچێتە دەرەوە و دەرەنگانێک بگەڕێتەوە بۆیە بەر لە ڕۆشتن ڕووی کردە ماپیتیتا و ووتی :{ تۆ لێرەبە ماپیتیتا ،من دوای ماوەیەکی تر دێمەوە } دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە داخست و کلیلی دا و ڕۆشت.

بەڵام ماپیتیتا نەیدەویست تەنیای بکات و جێی بهێڵێت ،خۆی دەدا بە دەرگاو پەنجەرەکاندا هەر بۆ ئەوەی لەو چواردیوارە بەند کراوە ڕزگاری بێت ،هەموو کەلێن و ڕوناکی‌یەکی لێ دەبووە دەروازە و هەوڵی دەدا لێوەی بچێتە دەرەوە،چنگی دەدا لە پەردەکان و کوون کوونی دەکردن ،شتەکانی سەر مێزەکەی فڕێ دەدایە خوارەوە بەڵام بێسوود بوو..



کاتێ پیاوەکە گەڕایەوە ماڵەوە و ویستی پشوویەک بدات دیقەتی دا بە جۆرێک ماڵەکە شێواوە

وەک ئەوەی بە دوای شتێکی تایبەتدا گەڕابن وابوو ،تەواوی شتەکان شێوابوو بەسەر یەکدا ،پەنجەرەکان پیس و جێ پەڵە، پەردەکان دراو ماڵێکی شێواو بەسەر یەکدا،ئەم دیمەنە بۆ پیاوە جێی دڵگرانیەکی زۆر بوو ..کاتێک بە ماپیتیتاش بانگی دەکرد ئەو شێتگیر تر دەبوو..کاتێک پیاوە خۆی کرد بە ژووردا ماپیتیتا وەک ئەوەی چاوەڕوانی کردنەوەی ئەو دەرگایە بێت خۆی لە قاچی پیاوە نزیک خستەوە ،بەڵام پیاوە ئاسان لەمە خۆش نەبوو تا دوو ڕۆژیش نە کێک نە شتی خۆشی نەدایە وەک سزادانێک بەرامبەر بەوەی کردویەتی.

دوای ماوەیەکی تر ژنە دەم بە پێکەنینەکە هاتەوە بۆ لای پیاوەکە و سەرەتا ژنە پرسی: {ها لەگەڵ پشیلەکەدا لە چیدایت؟} ئینجا نانە گەرمەکەی دایە دەست پیاوە و بەڵام درەنگ وەڵامی پرسیارەکەی وەرگرتەوە {خراپ نیم }لەو کاتەدا ماپیتیتاش لەسەر شوێنەکەی خۆی بێدەنگ بوو.




بەڵام کاتێک ژنە ڕۆشتە ناو دێیەکەو ماپیتیتا لە پێشتر خراپتر بوو ،ئەم جارە کارێکی وای کرد بە سێ ڕۆژ پارچەیەک نان وەربگرێت ،کە ئەمە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ماپیتیتای تووڕەتر دەکرد و کاری خراپتری دەکرد..پیاوە بە خۆی دەووت {تەواو ئیدی من لەوە زیاتر توانام نەماوە و لەوە زیاتر بۆم قبوڵ ناکرێت } ئینجا زیاتر لەسەری ڕۆشت :

{ئاخر من ووتم پشیلەیەک دێنمەماڵەوە بۆ ئەوەی لەوە زیاتر تەنها نەبم و هیلاک نەبم بەڵام ئەمەی تۆ ماپیتیتا هیلاکتری کردم و نەخۆشم دەخات..نازانم چی بکەم ؟ بە ڕاستی هیلاک بووم .



کاتێ ژنە دەم بە پێکەنینەکە بە خۆی و ئەسپ و عەرەبانەکەیەوە گەڕایەوە پیاوەکە بانگێشتی کرد کە پێکەوە نان و چایەک بخۆن..{دەزانیت پیاوە سەر سپیەکەی سەر سووچەکە ئەمشەو تابەیانی خەو نەچۆتە چاوی هەر بە دیار ئەسپەکەیەوە بووە ، دەڵێت ئەسپەکەی زۆر نەخۆشە }



ژنەکە بەر لە هەموو شت دەستی کرد بەم قسانە ،پیاوەش هەر سەری دەلەقاند و (ئم ئم) ی بۆ

دەكرد ،ژنە بەردەوام بوو {هەموو پێیان وایە ئەم زستانە زۆر سەخت دەبێت } لە پڕ پیاوەكە پرسی {ئێستا تۆ ئەوەم پێ بڵێ چی بكەم بە دەست ئەو پشیلەیەوە ،نە گوێ دەگرێت ،نە هێمنیشە } ئیدی كەوتە باسكردنی ماپیتیتا لەو ڕۆژەوەی لایەتی تا ئەو كاتە چیكردووە هەمووی بۆ باس كرد ..ژنەكە وەك ئەوەی بزانێت ئەوە دەرەنجامی چیە یەكسەر ڕووی كردە پیاوەكە و ووتی :{ ئاسانە ،پشیلەیەكی تریشم هەیە وەرە ئەوەش بەرە ،چونكە ئەوە بەشێكی هۆكەی ئەوەیە كە لەگەڵ پشیلەكەی تردا زۆر هۆگری یەكن وەك ژن و مێرد وان ..من دڵنیام شوێنەكەی تۆ خۆشتر و گەرمترە وەك لای من ..من دڵنیام ئەوەی تر یارمەتیت دەدات}.
مانای وایە ئێستا ژنە دەم بە پێكەنینەكە دوو پشیلەی لە ماڵە بچوكەكەی دەرهێناوە و داویەتی بە پیاوەكە ..لەبەر ئەوەی ئێوارەیەك پێشتر لە كتێبێكی ڕوسیدا ووشەی تاسیكینی بینی بوو كە واتای عەلاگەی بچوك دەكات بۆیە دووەمی بەو ناوەوە ناونا..ئەویش بچوكێكی لاوازی چاو شین بوو وەك ماپیتیتا ،بەڵام بە دڵنیاییەوە وەك ماپیتیتا هار و هاج نیە،دەبێت هەروابێت ئاخر گەر هەردووك هاربن ئەوە هەموو ماڵەكە دەشێوێت ،بەڵكو تاسیكین ماپیتیتا هێمن بكاتەوە.



یەكێك لە سیفەتە سەیرەكانی تاسیكین ئەوە بوو هەمیشە حەزی دەكرد لە شوێنانی سەیر بخەوێت دەمێك لە ژێر سیسەمدا و هەندێك جاریش لە ژێر كورسی و هەندێك جاریش لەسەر قەراخی پەنجەرەكە ڕووە و تیشكی خۆرەكە ..{بۆچی نا ؟ پێدەچێت ئەمەیان جۆرێكی تر

بێت،ئاخر خۆ ناکرێت هەموویان وەک یەک بن،ئەگەرچی من لەسەرەتاوە چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد بەڵام دەی خۆ ئێشتاش هیچم زەرەر نەکردووە ، پێدەچێت زۆر خۆشیش بێت}.
کاتێ ژنەکە نانی بۆ هێنایەوە و سەبارەت بە پشیلەی دووەم لێی پرسی:
_ لەگەڵ پشیلەی دووەمدا لە چی دایت ؟
+ باشم
_ زۆر دڵخۆشم کە باشیت.. بەڵام ئەوە هەیە بزانە من بڕیارم داوە بۆ ئەم زستانە بچمە لای کچەکەم هاوکات ئەو حەزی لە گیاندار و باڵدار نیە (بۆ یەکەم جار ماتیت بە ڕووی ژنەکەوە دەبینی ) ئەمە دوایین جارە کە نانت بۆ دێنم و تاوەک بەهار من ناگەڕێمەوە و نان نافرۆشم.
+ نا نا هەر دەبێت بێیتەوە( پیاوەکە بەو قسەیەی ژنەکە زۆر دڵگرانبوو،زۆر بەداخەوە بوو کە هیچ شتێکی بۆ نەدەکرا وەک ئەوەی ژنەکە یارمەتی ئەوی دا )



دوای نانی ئێوارە چووە سەر کورسیەتایبەتەکەی خۆی وە کورسی پشیلەکانیشی خستە ژێر قاچی و قاچەکانی ڕاکێشان و لەگەڵ ماپیتیتا و تاسیکین کەمێک یاری کرد و کتێبەکەی بەدەستەوە گرت،لەو کاتەدا تاسیکین هەوڵی دەدا کورسیەکە لە ژێر قاچی لابدا و پاڵی بە قاچیەوە دەنا و ماپیتیتاش قاچی پیاوەی ڕادەکێشا ،هەورە تریشقەکە نەبوایە ئاسان قاچی پیاوەکەی بەرنەدەدا ،باش بوو لە کاتی خۆیدا بوو ،باران هەموو ئەو ناوەی داگرت و تکەی بارانەکە کە بەر سەربانەکە دەکەوت بە شیوەیەک بوو وات دەزانی سەقفی نیە.

هەردوو پشیلەکە وەک ئەوەی پێکەوەییان لە هەموو شت جێی گرنگیان بێت ،لەو کاتەوەی تاسیکین هاتووە سەرقاڵی یارین بە هەموو کەلوپەلەکانی نێو ماڵەکە ..هەموو ئەم شتانە بە جێگایەک و خەیاڵی پیاوەش لە جێیەکی تر ،هەر لە دوای دواین قسەی ژنە دەم بە پێکەنینەکەوە کەوتۆتە سەر خەیاڵ و بیرکردنەوە وەک ئەوەی بە دوای ڕێگایەکدا بگەڕێت وا بوو.



لەو کاتەوەی کە تاسیکین لەوێ دەخەوت و کیسەیەکی بۆ سازکرابوو بۆ کاتی خەوەکەی، بەڵام کە دونیا ساردی کرد ئیدی دەبوو مشورێکی بخورێت چونکە هەوایەکی سارد هەڵی کردبوو و بەرەو زستانیش دەچوون بۆیە پیاوەکە لە بیری ئەوەدا بوو شوێنێکی تری تایبەتی بۆ دیاری بکات وە لەسەر داوای ژنەش سندوقی تایبەتی بۆ کڕیبوون بۆ ئەوەی کاتێک لە ماڵ نەبێت لە نێویان دابنێ ،دوای کەمێک بێدەنگی ئینجا لەبەر خۆوە ووتی:

{ئا..کاتێک من پێویستم بە هاوکاری بوو ژنەکە هاوکاری کردم ،کاتێک منیش زانیم ماپیتیتا پێویستی بە هاوڕێیەکە تاسیکینم کردە هاوڕێی ،ئەی ئێستا ژنە پێویستی بە هاوکاری منە چۆن بتوانم هاوکاری بکەم؟ ئاخر چۆن دەبێت من ئەو ماوە دوورودرێژە نەیبینم و هەر خەیاڵم لای بێت؟}.

لە دوای ئەو قسانە هەستایە سەر پێ و کتێبەکەی دەستی داخست و کەمێک کورسیەکەی جوڵاندو سندوقەکەی هێنا و هەردووکیانی تێ کرد و بە پەلە خواردنی بۆ دانان و ڕۆشتە دەرەوە ،بە پەلە هەنگاوی دەنا و هەوڵی دەدا تا تواناى هەبێت بگاتە ئەو شوێنە هەمیشەییەی بەردەوام ژنەکەی لێدەبوو ،بۆ ئەوەی ئەو خەیاڵیەی لە کاتی خوێندنەوەدا بە مێشکیدا هات پێی بڵێ،ئینجا خەیاڵی کەوتە سەر تاسیکین کە چۆن چۆنی لە ژێر کورسیەکەدا لێی ڕاکشابوو کاتێک کە ئەو هەستایە سەر پێ ،ئینجا پەڕیەوە سەر ئەوەی کە ئەو ژنە پشیلەکانی زۆر خۆش دەوێت و شارەزایشی سەبارەت بە پشیلە بە خێوکردن هەیە بۆیە لە هەموو ڕوویەکەوە زۆر گونجاوە.



ئینجا چاوی پڕبوو لە فرمێسک و ووتی { من لەوە زیاتر خۆم بۆ ڕاناگیرێت و ناتوانم ئەو ماوە دوورودرێژە چاوەڕێ بم ،بۆچی نا؟ من دەچم و میوانداری دەکەم و خەیاڵەکانیشمی لا دەدرکێنم.}



+ تکایە بیر لەڕۆشتن مەکەرەوە (ئەمەی بە زمانی بەزەیی بە ژنەکە ووت) ئینجا بە هێمنی ووتی {تکات لێ دەکەم گوێم لێ بگرە ..بۆ نایەیت من و تۆ زەواج بکەین؟}

ژنە دەم بە پێکەنینەکە وەک هەمیشە ڕووی پێکەنینی بزەیەکی کرد و کەمێک ڕاما،وەک ئەوەی هیچ کات ئەمە لە خەیاڵیدا نەبوویێت..بە هێمنی ووتی {بۆچی نا؟ ها بۆچی نا؟}.

ئیدی پیاوەکە لەسەرەتاوە کەوتە مشورخواردنی شوێنێکی تایبەت بۆ ئەسپ و عەرەبانەکەی ژنە و دابین کردنی ئالیکی ئەسپەکە و پێویستییەکانی ،ژنە دەم بە پێکەنینەکەش دەستی کرد بە دورینی پەردەیەکی سپی جوان و که تەواوی کرد پیشانی دا و زۆریان لا جوان بوو .



هەموو ئەو شەوە سارد و درێژانەی زستان کاتێک هەوای سارد خۆی بە هەموو شوێنێکدا دەکات بۆ ئەوان هێندە جێی دڵخۆشی بوو کە بە هیچ پێوانە نەدەکرا..پێکەوە لەسەر کورسیە جوڵەکەرەکەیان بە دیار گەرمیەکەوە دانیشتن و شتی گەرمیان دەخواردەوە و پشیلەکانیش لەسەر کۆشیان دانیشتبوون، پیاوەکە ووتی

+ {دڵخۆشی کە پێکەوە ئاوها ژیان دەکەین؟}

ژنەش بە دڵخۆشیەوە ووتی

_ {بە دڵنیاییەوە}

+ من بە درێژایی ماوەی تەنیاییم بڕیارم دابوو کە ئاوها تەنیا بمێنمەوە،بەڵام ئێستا هەست دەکەم کە ئەو بڕیارەم چەند وەختە لەم خۆشیەی بێبەری کردووم.



_ بۆچی نا منیش وەک تۆ هەمان ئیحساسم هەیە.

+ هیچمان زەرەرمان نەکردووە و پێشم وایە پێکەوەیمان دەبێتە ئەو کاتە خۆشانەی ژیان کە لەزەتی زۆری لێ دەبین .

رزگار عبدالکریم

هۆڵەندا 2004-11-07

